# تێکدانی فرێز و فەرهەنگ و ڕێنووسی زمانی کوردی، لە ناوەندە فرۆشیارییەکانی کوردستاندا

## (تابلۆی تەلار و جێگە فرۆشیارییەکانی شاری کەلار و دەوروبەری بە نموونە)


عومەر عادل عەبدوڵڵا

(کەلار)


(٢ - ٢)

### تێکدانی فەرهەنگی زمانی کوردی، لە ناوەندە فرۆشیارییەکانی شاری کەلاردا

سەرەتا وا باشترە ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە ئایا فەرهەنگ چییە و چی نییە و پێویستی فەرهەنگ لە زماندا، تا چ ئاستێکە! "فەرهەنگ لە نووسراوە وشەییەکان پێک دێت کە بە هەندێک ڕیزبەندی ئاسایی ڕێکخراون." (Wolfgang Klein، ٢٠١٥، ٩٣٩)، هەروەها ئەو زانستەی لە فەرهەنگ دەکۆڵێتەوە پێی دەگوترێت (فەرهەنگسازی)، یان (فەرهەنگناسی) کە "عەلی قاسمی پێناسەی «فەرهەنگناسی» بەم شێوەیە دەکات: «زانستی وشەسازی کە خەمی لێکۆڵینەوەی وشەکانە لەڕووی وەرچەرخان و پێکهاتە و واتاکانیانەوە، هەروەها هاوواتا و هاوبەشی زارەکی و دەربڕینی ئیدیۆماتیک.»" (د. عبدالقادر بو شيبة، ٢٠١٥، ٦)، کەواتە: فەرهەنگ یەکێکە لە پایە گرنگەکانی زانستی زمانەوانی و ئەرکی پاراستنی وشەکانی ئەو زمانەیە، هەروەها "دروستکردنی کاری فەرهەنگسازی لە گرنگترین بوارەکانی (زمانەوانی کارەکی) ئەژمار دەکرێت. (د. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو، ٢٠١٦)

ئێمە ڕۆژانە کە بە شەقامەکانی شاری کەلاردا تێدەپەڕین، کاتێک کە نووسراوی سەر تابلۆکان دەخوێنینەوە، هەست بە چەندان هەڵەی زمانەوانی دەکەین، کە ئەو هەڵانە لە هەڵە تێپەڕیون و وەک دیاردەیەکیان لێ هاتووە، یەکێک لەو هەڵانە گرفتی فەرهەنگین، دیارە مەبەست لە گرفتی فەرهەنگی وەلاتانی فەرهەنگ و وشەکانی زمانە، کە هەندێک لە ئاخێوەران بۆ گەیاندنی مەبەست و ماناکانیان پەنا دەبەنەبەر کۆمەڵە وشەیەک، کە لە فەرهەنگی زمانەکەیاندا جێگەی نابێتەوە. ئەم دیاردەیەش، لەنێو ئاخێوەرانی زمانی کوردیدا زۆر باوە.

ڕەنگە یەکێک لە هۆکارە هەرە گەورەکانی ئەم دیاردەیە، بۆ جینۆسایدی زمان بگەڕێتەوە،

چونکـە". دوای یەکەمیـن جەنگـی جیهانـی و دابەشـکردنی زمانـی کـوردی بەسـەر هـەر چـوار وڵاتـی عێـراق و ئێـران و تورکیـا و سـووریادا « زمانـی کـوردی تووشـی دڕندانەترین جـۆری جینۆسـاید بـووەوە «چ بـە زەبروزەنـگ، چ بـە یاسـا و بـە فەرمـی ئـەم زمانـە لـەو وڵاتانـە قەدەغـە کـرا، یـان دژایەتـی تـەواو دەکـرا. (د. دارا حەمیـد، ۲۰۱۷، ٦).

ئێمـە دەتوانیـن درک بـە چەنـدان تێکدانـی فەرهەنگـی بکەیـن، کـە ڕۆژانـە لـە نووسـراوی سـەر تابلـۆی فرۆشـگاکاندا بەرچاومـان دەکـەون، بـۆ نموونـە ئەگـەر وشـەیەکی وەک (کۆمپانیـا) وەرگریـن، لـە سـەردەمی ئێسـتاماندا، ڕۆژانـە زۆرتریـن جـار دووبـارە دەبێتـەوە، لـە کاتێکـدا هەموومـان دەزانین وشـەیەکی ڕەسـەنی کوردەواری نییە و لە نێو فەرهەنگ و زمانی کوردیدا جێی نابێتـەوە، چونکـە ئـەم وشـەیە لـە بنەڕەتـدا لـە وشـەی (company) ئینگلیزییـەوە هاتووەتـە نێـو زمانـی کـوردی، وەک هەمووشـمان دەزانیـن، "زمانـی ئینگلیـزی وەک زمانێکـی جیهانـی، کاریگـەری لەسـەر زۆربـەی زمانانـی نەتەوەکانـی تـر جێهێشـتووە، زمانـی کوردیـش وەک زۆربـەی زمانەکانـی جیهـان لـەم کاریگەرییـە بـەدەر نییـە، ئـەوە جێگـەی تێبینیکردنـە کـە ڕۆژ بـە ڕۆژ بەکارهێنانی وشـە و زاراوە ئینگلیزییـەکان ڕوو لـە هەڵکشـانە. (سـالار فائـق مەجیـد، ۲۰۱۹، ۱۷). مایـەی داخـە کـە نەتوانـراوە، تـا هەنووکـە ئـەم کێشـەیە چارەسـەر بکرێـت، چونکە زمانی کوردی، لـە ڕێگـەی مۆرفیمـەوە وەک هەمـوو زمانانـی تـر وشـەی بـۆ زیـاد دەکرێـت و دەتوانیـن لـە جیاتـی وشـەی (کۆمپانیـا) وشـەی (هاوبەشـگە)ی بـۆ دەسـتنیشـان بکەیـن، ئەمـەش بەرانبـەر بـە وشـەی (الشـركة) دێـت، کـە لـە زمانـی عەرەبیـدا لـە وشـەی (شـریک) وەرگیـراوە.

یـان دەتوانیـن، چەنـدان ناوونیشـانی هاوشـێوە بـە نموونـە وەرگریـن، کـە هەڵـەی فەرهەنگییـان تێدایـە، وەک:

..... هۆم

ڕاسـتییەکەی (هـۆم) لـە وشـەی ئینگلیـزی (home) وەرگیـراوە، ئێمـە لـە فەرهەنگـی کوردیـدا، بەرانبـەر وشـەی هۆم وشـەی (ماڵ)مـان هەیـە، بـەڵام فرۆشـگاکان بـۆ ئـەوەی کڕیارێکـی بـاش لـە دەوروبـەری خۆیـان کـۆ بکەنـەوە و وا نیشـان بـدەن کە کاڵا و شـمەکەکانیان زۆر چاک و بـە (گرەنتییـە)، دێن هەندێک وشـە لـە فەرهەنگی زمانانـی تـر دێنـن و بەسـەر زمانـی کوردیـدا دەسـەپێنن، بێگومـان ئەمـەش لـە داهاتـوودا زیـان بـە فەرهەنگـی زمانـی کـوردی دەگەیەنێـت.

یـان لـە زۆر شـوێندا، دەبینیـن لـە جیاتـی (نۆڕینگـەی پزیشـکی) نووسـراوە (کلینکـی پزیشـکی)، ڕاسـتە ئەمەیـان لـە ڕووی فرێـزەوە هیـچ تێکدانێکـی تێدا نییـە و فرێزێکـی ئاوەڵنـاوی تـەواوە، بـەڵام وشـەی (کلینـک) لـە وشـەی (Clinic)ی ئینگلیزییـەوە وەرگیـراوە، کـە لـە فەرهەنگـی زمانـی کوردیـدا دەتوانیـن وشـەی (نۆڕینگـەی) لەجیاتـی دابنێیـن، ڕەنگـە ئەمەش بۆ کاریگـەریـی زمانـی ئینگلیـزی لەسـەر پزیشـکەکان بگەڕێتـەوە، چونکـە وەک دەزانیـن، خوێنـدن لـە بـواری پزیشـکیدا بـە زمانـی ئینگلیزییـە، یـان لـە کاتـی گـەڕان بـە دوای زانیارییـە پزیشـکییەکاندا، پزیشـکان ناچـار دەبـن، بـە زمانـی ئینگلیـزی بەدوایدا بگەڕێن، ئەمـەش وا دەکات تـا ڕادەیـەک زمانـی ئینگلیـزی بەسـەریاندا زاڵ بێـت.

یـان هەندێک کات، ئەمە تەنیا دەچێتە خانـەی لاوازیـی ئاسـتی هۆشـیاری تاکەکانـەوە، چـون هەندێـک لـە تاکـەکان وای دەبینـن بەکارهێنانـی

فەرهەنگ و زمانی ئینگلیزی، کاریگەری لەسەر گەنجی زانست و زانیاییەکان دەبێت، ئەمەش لە هەموو بنەمایەکی زانستییەوە دوورە، چونکە زمان، هەر زمانە.

دەتوانین بەجۆرێکی تریش لەم وشە بیانیانە بڕوانین، ڕاستە ئەم وشانە لەگەڵ فەرهەنگی زمانی کوردی ئێستاماندا یەک ناگرنەوە، بەڵام دەشێ لە داهاتوودا بەهۆی گۆڕانی دەنگییەوە، چەند دەنگێکیان لێ زیاد بکرێت، یان چەند دەنگێکیان لێ کەم بکرێتەوە، بڕۆنە فەرهەنگی زمانەوە، یان بە یارمەتی مۆرفێمێکی تری زمانی کوردی ئەو وشەیە بچێتە نێو فەرهەنگی زمانەکەوە، بۆ نموونە وشەی (بەردەوام)، کە (بەر) مۆرفێمێکی کوردییە، لەگەڵ وشەی (دوام) ی عەرەبییەوە هاتووە و وشەی (بەردەوام)یان دروست کردووە.

هەندێک جار پەیدابوونی ئەم وشەیە لە وڵاتانی تردا بۆ هۆکارە پیشەسازی و بازرگانییەکان دەگەڕێتەوە، چونکە ئەم کەرەستانە، یان بەرنامە ئیلیکترۆنییانە لەو وڵاتانەدا بەرهەم دێن و لە کاتی بەرهەمهێنانیاندا ڕاستەوخۆ وشەیەکی بۆ دادەنرێت کە پێی بناسرێتەوە، لەگەڵ هاوردەکردنی ئەو کەرەستانەدا، ئەو ناوەشی کە پێوە لکاوە، لەگەڵیدا هاوردە دەکرێت. بۆ نموونە ئامێری بیستۆک (هیدفۆن)، کە ئەم ئامێرە وەک زۆربەی ئامێرە ئیلیکترۆنییەکانی تر، ڕۆژانە بەکار دەهێنین، بەتایبەتی لەلایەن توێژی گەنجان و هەرزەکارانەوە بۆ یەکەم جار لەلایەن وڵاتانی ترەوە دروست کراوە و هێنراوە.

## تێکدانی ڕێنووسی زمانی کوردی، لە تەلار و جێگە فرۆشیارییەکانی شاری کەلار

ڕێنووس، هەر لە ناوەکەیدا دیارە کە ڕێگایەکە نووسینی پێ دەنووسرێتەوە. هەر زمانێک ڕێنووسێکی تایبەتی خۆی هەیە و زمانەکەی پێ دەناسرێتەوە، واتە ڕێنووس هۆکارێکە بۆ ناسینەوەی ئەو زمانە کە ڕێنووسەکەی پێ نووسراوەتەوە."ڕێنووس، واتا: وێنەی نووسینی دەنگەکانی زمان، دیارە ڕێنووس هۆیەکی ئاسانکاریی خوێندنەوە و نووسینە، خوێندنەوەش، تێگەیشتنی مەبەستی نووسەرە، لەوەی وشەی نووسراوە دەری ببڕێ." ئەکادیمی کوردی، ٢٠٠٩، ١٠). زمانی کوردیش، لە جیاوازی تایبەتمەندی لەگەڵ زمانانی تری جیهاندا، خاوەن ڕێنووسی تایبەتی خۆیەتی، کە دەتوانرێت پیتەکانی زمانی بە ئاسانترین شێوە پێ بنووسرێتەوە.

کێشەی ڕێنووس، کێشەیەکی جیهانییە و ئەستەمە، هیچ زمانێک لە کێشەی ڕێنووسی بەدەربێت، چونکە "هیچ زمانێک بێ گیروگرفتی ڕێنووس نییە. هەر هەوڵدانێکیش بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی زمانەوانی و غەیری زمانەوانی سەر هەڵدەدەن. کام زمان بەقەد چینی و ئینگلیزی و عەرەبی گیروگرفتی ڕێنووسیان هەیە، کەچی سەرەڕای ئەو هەموو وتار و باسەی کە لە بارەی ئەوە گرفتانەوە بڵاوکراونەتەوە، نەتوانراوە چارەسەر بکرێن. (د. وریا عومەر ئەمین، ٢٠١٦، ٢)، بەڵام سەرەڕای ئەم هەموو کێشانەی ڕێنووس کە هەن، زمانەوانانی هەموو زمانێک، چەند یاسا و ڕێسایەکیان بۆ ڕێنووسی زمانەکەیان داناوە.

## سەبارەت بە جۆرەکانی ڕێنووس لە زمانی کوردیدا، دوو جۆر ڕێنووس هەیە

١- ڕێنووسی لاتینی: ئەمەیان پیتەکان بە شێوەی لاتینی دەنووسرێن و لەلایەن کوردانی باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان، لە باشووری

کوردستانیشدا پێڕەوکەرانی ئایینی ئێزیدی بەکاری دەهێنن. مێژووی ئەم ڕێنووسە لە زمانی کوردیدا بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لە باکووری کوردستاندا دەگەڕێتەوە." (زنار سلۆپی) ئاماژە بەوە دەکات، کە یەکەمین کەس بیرۆکەی نووسینی زمانی کوردی بە ڕێنووسی لاتینی پێشنیاز کرد، (فائیز بەگ) بوو لە ساڵی ١٩١٣ چونکە خۆی ئەندامی کۆمەڵەی (هێڤی) بوو و ئەو کاتە فەرمانبەرێکی پۆستە بوو لە ئیستەنبوڵ" (هۆگر تاهیر تۆفیق، ساڵ...، ٧٧ – ٧٨)

٢ – ڕێنووسی عەرەبی: ئەمە پیتەکانی بەشێوەی ڕێنووسی عەرەبی دەنووسرێتەوە، هەروەها جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ ئەو ڕێنووسە عەرەبییە هەیە کە زمانەوانانی عەرەب بۆ ڕێنووسەکەیان دیارییان کردووە، بۆ نموونە لە ڕێنووسی زمانی ستانداری عەرەبیدا پیتەکانی (ض، ص، ط، ظ، ذ) هەیە، لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا، بە پێچەوانەوە پیتەکانی (گ، ژ، ڵ، ڤ، پ) هەن. مێژووی بەکارهێنانی ئەم ڕێنووسە، بۆ کاریگەربوونی کورد بە ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە، هەر وەک خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: (كتاب فصلت آياته قرآنا عربيا لقوم يعقلون) [فصلت:٣]، چونکە "کورد و فارس کاتێ موسڵمان بوون، ئەلفوبێی خۆیان لەسەر شێوازی ئەلفوبێی عەرەبی دامەزراند و تایبەتمەندی زمانەکەی خۆیان پاراست، بە واتای ئەو پیتە هاوبەشانەی لە هەر سێ زمانەکەدا هەن وەک خۆیان مانەوە. پیتی تایبەتی خۆیان کە لە زمانی عەرەبیدا نین، بۆیان زیادکرا. لە ئاکام ئەلفوبێی کوردی بە پیتی عەرەبی دروستبوو، ئەو ئەلفوبێیەی لەسەرەتای ئیسلامبوونەوە ئەدەبی خۆی پێ دەنووسرێتەوە، ئەدەبێکی کوردانەیە، چونکە بە شێوەیەکی باش لەگەڵ سیستمی دەنگی زمانی کوردیدا دەگونجێت" (د. نەریمان خۆشناو، ٢٠١٦، ٣٦ – ٣٧)

مەبەست لە تێکدانی ڕێنووس، تێکەڵکردنی ڕێنووسی زمانە، بەتایبەتی ئەو زمانانەی، کە پیتەکانیان لە یەکترییەوە نزیکن، وەک کوردی و عەرەبی و فارسی، ئەمەش زۆرجار بەهۆی کاریگەرێتی زمانەوە ڕوودەدات، واتە زمانێک کاریگەری دەکاتە ئاخێوەرانی زمانێکی تر، ئەمەش وا دەکات ئەو ئاخێوەرە بکەوێتە ژێر کاریگەری ڕێنووسەکانی ئەو زمانەوە، باشترین نموونە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆمان ئەو کوردانە دەگرێتەوە، کە لەسەردەمی حوکمڕانییە دوابەدواکانی عێراق دووچاوی عەرەباندن بوونەتەوە، چونکە عەرەباندن "پرۆسەی گۆڕینی ناسنامەیی و نیشتمانی هەر نەتەوەیەک، بۆ سەر ناسنامە و نەتەوەیی و نیشتمانی عەرەب، بەشێوازی جۆراوجۆر، جارێکیان بە فریودان و هەڵخەتاندن و دەستبڕین، بە پشت گوێ خستن و چاوسورکردنەوە و تۆقاندن و ترساندن و زەبروزەنگ و لەناودان" (جەلال جەوهەر عەزیز، ساڵ...، ١٠) پرۆسەی عەرەباندن، تەنیا لەم چوارچێوەدا ناسووڕێتەوە، بەڵکوو پرۆسەکە ئاستی زمانیش دەگرێتەوە، ئێمە ڕۆژانە چەندان کەس دەبینین، کە لە کاتی ئاخاوتندا، دەنگەکانی (ط، ظ، ض، ص، ذ، ث) گۆ دەکەن، کەچی تایبەتن بە زمانی عەرەبی، هەروەها "شەش پیتەکانی (ط، ظ، ض، ص، ذ، ث) لە ڕێنووسی فارسیدا نین و لە ڕێنووسی کوردیدا بەکارناهێنرێن." (کیمیسون اموزش پرورش کومەلە، ١٧/ ١١/ ٦٢، ٣).

تێکدانی ڕێنووسی زمانی کوردی، لە

فرۆشگاکانی شاری کەلاردا، تا ئاستێکی بەرچاو درکی پێ دەکرێت، ئەوەیش لە تێکەڵکردنی لەگەڵ ڕێنووسی عەرەبیدا خۆی دەبینێتەوە، چونکە هەندێک لە فرۆشیارە بەتەمەنەکان، لە سەردەمی حوکمڕانی حوکمەتە یەک بەدوای یەکەکانی عێراق لە خوێندنی عەرەبی خوێندوویانە و شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە زمانی کوردیدا نییە و ئەو زمانەش بەکاردەهێنن، بەڵام زۆرجار تێکدانی ڕێنووسی تێدا بەدی دەکرێت، بۆ نموونە لەسەر تابلۆی یەکێک لە فرۆشگاکان بەم شێوەیە نووسرابوو:

... برهان...

ئەمە لادانە لە ڕێنووسی کوردی و تێکەڵکردنە لەگەڵ ڕێنووسی عەرەبیدا، چونکە لە ڕێنووسی کوردیدا، بەم شێوەیە دەنووسرێت (بورهان). ئەمە یەکێکە لەو چەندان هەڵە ڕێنووسییانەی، کە ڕۆژانە درکی پێ دەکەین،

یان لە جێگەیەکی تر، بەم شێوەیە نووسرابوو:

کوتاڵ فرۆش

ڕاستییەکەی، (کوتاڵفرۆش) یەک وشەیە، نەک دوو وشەی جیا، بۆیە لە کاتی نووسیندا پێکەوە دەنووسرێت. ئەم تێکدانانە و چەندان تێکدانی تریش، لەسەر نووسینی تابلۆکان بەدی دەکرێن، کە پێویستیان بە ڕاستکردنەوەیە.

## تێکدانی فرێزی زمانی کوردی، لە تەلار و ناوەندە فرۆشیارییەکانی شاری کەلاردا

فرێز زاراوەیەکی جیهانی و زمانەوانییە و لە وشەی (Phrase)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە. مەبەست لەوەی کە وتمان جیهانییە، هەموو زمانەوانی جیهان دەزانن فرێز چییە و لەلایەن هەموو زمانێکەوە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت. لە زمانی کوردیدا پێی دەگوترێت (گرێ) کە مەبەست لە وشەیەک، یان گرێدانی چەند وشەیەکە لە ئاستی ڕستەسازیدا. "دروستەی ڕستە گەورەترین دانەی سینتاکسییە، بۆیە لە شیکردنەوەی تەپۆڵکەیی پێکهێنەکانی زماندا، ڕستە پێکهێنی ڕاستەوخۆی تەپۆڵکەکە دەگرێت و شی دەکرێتەوە بۆ پێکهێنی ناوەندی، کە دروستەی فرێزە، تا دەگاتە دواپێکهێن، کە دروستەی وشەیە." (د. ئومێد بەرزان برزو، ٢٠٢٠، ١٤) واتا گرێ و دروستبوونی گرێ، دووەمین قۆناغی زمانییە، لە ئاستی ڕستەسازیدا، یان هەندێ بۆچوونی تر هەن بە سێیەمین قۆناغ دایدەنێن، بۆ نموونە وەک لەم هێڵکارییەی خوارەوە:

ڕستە Sentence ↔ لاڕستە Clause ↔ فرێس Phrase ↔ وشە Word ↔ مۆرفێم Morpheme فيصل غازي محمد، ٢٠١٤، ٥)

گرێ"بەو یەکە سینتاکسییە دەگوترێت کە لە کەرەستەیەک، یان لە کەرەستەیەکی سەرەکی (سەرە)، یان هەموو ئەو کەرەستانەی کە ڕاستەوخۆ، یان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێوەی بەندن، یان لە ژێر دەسەڵاتیان و پێکدێ و لە ڕستەدا ئەرکێک دەبینێت." (ساجدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ٢٠١٣، ١٠)

هەروەها، چەندان جۆر فرێز لە زمانی کوردیدا هەن، وەک: (فرێزی ناوی، فرێزی کرداری، فرێزی جێناوی، فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزی ئاوەڵکرداری، فرێزی ڕادە و فرێزی پێشبەندی، لەگەڵ فرێزی کرداریدا).

ئەم تێکدانە، لە دوو تێکدانەکەی تر، واتە (تێکدانی فەرهەنگی و تێکدانی ڕێنووسی) مەترسیدارترە و دەبێت مامەڵەی جددی لەگەڵدا بکرێت، چونکە لەم ئاستەدا، گۆرانکارییە گەورەکە ڕوودەدات و زمان تێکەڵبوونێکی یەکجار

بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، تەنانەت ئەو کەسانەشی کە هیچ خوێندەوارییەکیان نییە، دەتوانن درک بەم هەڵە بکەن. ئەم تێکدانەش، بریتییە لە تێکەڵ کردنی هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی لە ئاستی گرێدا، چونکە هەموو دەزانین، لە فرێزدا هەر یەکەو خاوەن پێکهاتنێکی جیاوازن. یەکێک لەو تێکدانانە، کە لەسەر تابلۆکان سەرنجی ڕاکێشام، هاوشێوەی ئەم نووسراوە بوو:

سەردار (ناو) هۆم

ئەم فرێزە، فرێزێکی ناوییە، وەک هەمووان دەزانین، "فرێزی ناو پێکدێت لە سەرێک بە شێوەیەکی گشتی ناوێکە و توخمەکان سەرە دیاری دەکەن." (Khalid Sh. Sharhan1 ،Haidar K. Al - Abedi2 ،٢٠١٨، ٥٥٠) ئەم لادانە لە فرێزی زمانی کوردی و پەڕینەوەیە بۆ فرێزی زمانی ئینگلیزی، چونکە گەر ڕاستەوخۆ ئەو فرێزەی سەرەوە وەربگێڕینە سەر زمانی ئینگلیزی ئەوە دەبێتە (sardar home) تەواو سروشتی زمانەکەی خۆی وەردەگرێت:

Np

N N

Sardar home

بەڵام ئەگەر ئەم فرێزە، بە پێی زمانی کوردی شی بکەینەوە، ئەوە بەم شێوەیە:

ف. ن

ناو ناو

ماڵ سەردار

بۆیە گونجاوترە بڵێین: (ماڵی سەردار) نەک (سەردار هۆم)، چونکە ئەمەیان لە هەردوو ئاستی وشەسازی و ڕستەسازی زیان بە زمانەکە دەگەیەنێت.

## لێکەوتەکان و چارەسەری

بێگومان بەکارهێنانی پێویستەکان بەشێوەیەکی خراپ لێکەوتەی خراپی لێ دەبێتەوە، زمانیش یەکێکە لەو پێداویستانەی، کە خراپ بەکارهێنانی لێکەوتەی خراپی لێ دەبێتەوە. جگە لەوەی، وەک هەمیشە دەڵێین: زمان هۆیەکە بۆ پێوەندی، وەک ئامێرێک کە بە پێی کۆمەڵێک پێڕەو کار دەکات و دەوروبەر و کۆمەڵگە کاریگەرییان هەیە، لە گۆڕانکاریکردن لەو پێڕەودا، چونکە ئەو پێڕەوە بۆ بەردەوامبوون و بزاوتن، وزە لە ژینگە دەرەکییەکە وەردەگرێت، زمانیش هەرچەندە وەک بەخشش بە هەموو مرۆڤێک دراوە، بەڵام دواجار کارپێکردن و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە.

وەک دەبینین، ڕۆژانە چەندان تێکدانی زمانی چ لە ئاستی نووسین و چ لە ئاستی ئاخاوتندا ڕوودەدەن و هەستیان پێ دەکەین، نووسینی سەر تابلۆی فرۆشگاکانیش، یەکێکن لەوە تێکدانانە. سەیر لەوەدایە، کە هەڵەکان لە ئاستی تاکەکەسدا ڕوو نادەن، بەڵکوو ئەم تێکدانانە، لەلایەن زۆر لە فرۆشیارانەوە دووبارە دەبنەوە، کەچی مایەی داخە توێژەران و نووسەران بێئاگا و بێدەربەست و دەستەپاچە لە ئاستیدا کپن، چونکە ئەرکی سەرەکی توێژەران و نووسەران، ئاماژەدانە بە هەڵەکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ چارەسەرکردنیان، ئەمەش لێکەوتەی خراپی دەبێت، یەکێک لەو لێکەوتە خراپانەش ئەوەیە: کاتێک منداڵێکی سەرەتایی تازە فێری خوێندنەوە دەبێت و پیتەکان بە یەکەوە برگە دەکات، هەمیشە خولیای خوێندنەوەی شتەکانی هەیە.

کاتێک نووسراوی سەر ئەو تابلۆیانە

دەخوێنێتەوە، ئەوە بەشێوەکی ڕاستەوخۆ ئەو هەڵە ڕێزمانییە لە مێشکیدا دەچەسپێت، چونکە ئەو منداڵە، لە بواری زانستی زماندا ئەوەندە شارەزایی نییە و درک بەو هەڵە ڕێزمانییە ناکات، پاشان تێکەڵبوونێکی ڕێزمانی لا دروست دەبێت، چونکە «ئێمە هەر لە منداڵییەوە، لەگەڵ فێربوونی وشەکانی زماندا، فێری ئەو یاسا و دەستوورانەش دەبین، وشەیان پێ دروست دەکرێت و دادەڕێژرێت، ئەمەش ڕێگەمان بۆ خۆش دەکات کە لەگەڵ وەرگرتنی لە خۆڕا و میکانیکی لە هەزاران وشەدا، بتوانین بە بیر و هۆش لە زمان وردبینەوە و شتی نوێ ئاشکرا بکەین و فێری ئەوە بین، کە وەک چەکێکی پێویست بەکاری بهێنین» (ئەوەڕحمانی حاجی مارف، ١٩٧٥، ٧).

ڕەنگە ئەم دیاردەیە، لە دەمەدەمەی سەرەتاکانی جهیانگیری ئابووری و لێکتێگەیشتنی زانستی و بازرگانیدا زیاتر پەرەی سەندبێت، چونکە لە جهیانگیریدا ئەوە نەتەوەی زیاتر جموجوڵی بازرگانی هەیە، زمانەکەی زاڵە، چونکە "جیهانگیری ئابووری بە مانای دروستبوونی سیستمیکی ئابووری، بازرگانی و دارایی جیهانی واڵا دێت، تێیدا سەرجەم بەربەستەکان لە بەردەم جموجوڵی شتومەک، کاڵا، خزمەتگوزاری و فاکتەرەکانی بەرهەمهێناندا هەڵدەگیرێت، سەرمایە و بەرهەم و بازرگانی نێودەوڵەتی ئازاد، بێ هیچ کۆت و بەندێک جووڵەی خۆی دەکات، لەم سیستمە ئابوورییەدا و لە ڕێگەی خۆسەپاندنی کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و ڕێکخراوە جیهانییەکانی وەک بانکی نێودەوڵەتی و سەندووقی نێودەوڵەتی دراوەوە، بازاڕێکی جیهانیی بێ سنوور دروست دەبێت، سەرەڕای پێکهاتنی چەندان تەکەتولی ئابووری نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی، هەموو ئەمانە پێکەوە کار بە ئاراستەی جیهانگیری ئابووری دەکەن و بە ئامانجی بنیادنانی بازاڕێکی ئابووری و زۆرجار بە هێزەکان تێیدا زیاتر دەوڵەمەند دەبن، هاوزەمان هەژارەکانیش زیاتر هەژارتر دەبن. (حەسەن بارام، ٢٠١٧، ٤٠).

جیهانگیری ئابووری، تەنیا کاریگەری لەسەر بازاڕی بازرگانی نییە، بەڵکوو جیهانگیری ئابووری، زمانیش وەک کاڵایەک دەخاتە بازاڕی بازرگانییەوە و ئەو زمانەی کە مامەڵە بازرگانییەکانی پێ دەکرێت، زیاتر خواست و ویستیان لەسەر هەیە، لە چاو زمانە لاوەکییەکانی تر. باشترین نموونەش بۆ سەردەمی ئەمڕۆمان زمانی ئینگلیزییە، کە بەهۆی ڕامیاری و دەستگرتن بەسەر ئابووری جیهاندا توانیوتی چاکتر زمانەکەی خۆی بسەپێنێت.

یان کۆمەڵە ئاخێوەرێک هەن، خوویان بە بەکارهێنانی پەیڤی بیانییەوە گرتووە، بەڕادەیەکی یەکجار بەرچاو، ئەم خووەش، لە زانستی زماندا پێی دەوترێت (تێکەڵکردنی زمانی)، ئەمەش بە مانای پەڕینەوە دێت، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە، یان تێکەڵبوونی یاسا ڕێزمانییەکانی دوو زمان لەیەک کاتدا، لەلایەن ئاخێوەرێک، یان کۆمەڵە ئاخێوەرێک، یان "تێکەڵکردنی زمانی، ئاماژەیە بۆ هەر تێکەڵەیەک لە توخمە زمانییەکانی دوو، یان زیاتر لە سیستمی زمان لە یەک گوتەدا لە ئاستە جیاوازەکاندا: فۆنۆلۆژی، وشەیی، ڕێزمانی و ڕێنووسی. بەهۆی سنوورداربوونی فەزا، باسەکە لەسەر تێکەڵکردنی کۆدی وشەیی و ڕێزمانی دەبێت." (Judy Woon Yee Ho، ٢٠١٧، ٢)، کەواتە ئێستا بۆمان ڕوون بووەوە، کە یەکێک لەو هۆکارانەی دەبنە هۆی تێکدانی زمانی، تێکەڵکردنی زمانە، لەلایەن چینێک لە کۆمەڵگەوە، ئەو چینەش چینی خوێندەوار و

خاوەن بڕوانامەیە، چونکە هەندێک لەو کەسانە بۆ پیشاندانی ئاستی زانیارییان، پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە بیانییەکان، بە تایبەتی وشە و دەستەواژەی ئینگلیزی، ئەوجا بە چ مەبەستێک بێت گرنگە نییە، چونکە دواجار ئەمە کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر زمان و ئەم دیاردەیە لەلایەن ئاخێوەرانی ترەوە هەڕەمەکییانە دووبارە دەبنەوە.

سەبارەت بە تێکدانی زمانی لە تابلۆی تەلار و ناوەندە فرۆشیارییەکانی کوردستاندا، کێشەکی جددییە و پێویستە ڕووبەڕووی بینەوە و دەبێت چارەسەر بکرێت.

چارەسەرکردنەکەش، لە ڕێگەی نووسراوی فەرمییەوە دەبێت، لەلایەن وەزیری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزاری حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کە هەموو فرۆشگا و ناوەندە بازرگانییەکان بە ڕێزماندروستی زمانی کوردییەوە پابەند بکەن و بە هیچ لادانێکی زمانی ڕازی نەبن. بەم شێوەیەش، دەتوانین زیاتر مەترسییەکانی سەر زمانەکەمان لابەرین، هەروەها ئەو بڕیارەشی لەگەڵدا بدرێت کە: تەنیا یەک شێوەزاری زمانی کوردی (بۆ نموونە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست) بەکاربهێنن، بۆ نووسینەوەی تابلۆکان، کە ئەمەش یەکێکە لەو چەندان هەنگاوە بچووکەی کە پێویستە بنرێت، بۆ داڕشتنی زمانی کوردی یەکگرتوو لە باشووری کوردستان، چونکە"بە ستانداردکردنی زمانی کوردی هەنگاوێکی گرنگی پاراستنی زمانەکەمان لە لەناوچوون و بەهێزبوون و پتەوبوونی زمانی کوردییە لە هەر ڕووبەڕووبوونەوە و دژایەتیکردنێک. (د. دارا حەمید محەمەد، ٢٠١٧، ٨). لە بڕیارەکەش گرنگتر، ئەوەیە کە بتوانرێت کار بە بڕیارەکە بکرێت.

## ئەنجامی توێژینەوە

١- لە بابەتی یەکەمدا، گەیشتین بەوەی، کە زمان لە ناوەندە بازرگانییەکان و زانستی بازاڕکردندا ڕۆڵێکی یەکجار باڵا دەگێڕێت و دەتوانرێت لە ڕێگەی زمانەوە بازرگانەکان بەرزترین ئاستی قازانج دەستەبەر بکەن.

٢- لە بابەتی دووەمدا، بەشێوەکی گشتی باسمان لە تێکدانی زمانی کردووە و بە پێی توانایی ڕوونکردنەوەمان لە بارەیەوە داوە.

٣- لە بابەتەکانی دواتردا، باسمان لە هەموو ئەو تێکدانە زمانیانە کردووە، کە لەسەر تابلۆی تەلار و ناوەندە فرۆشیارییەکانی شاری کەلاردا هەن و پەنجەمان خستووەتە سەر هەڵە و تێکدانەکان، بە مەبەستی چاککردنەوەیان.


سەرچاوە کوردییەکان:

١ - ئومێد بەرزان برزو، دروستەی فرێز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، ٢٠٢٠.

٢ - فیصل غازي محمد، خوێندنەوەیەکی سەرەتایی لەبارەی سینتاکس (Syntax)، ٢٠١٤.

٣ - هۆگر تاهیر تۆفیق، ئەلفوبێی کوردی بە ڕێنووسی لاتینی دروستبوون و پەرەسەندنی، ساڵ ....؟

٤ - ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، هەندێک لایەنی ڕستەسازی لە زمانی کوردی، ٢٠١٣.

٥ - د. وریا عومەر ئەمین، فۆبیای ڕێنووس، ٢٠١٦.

٦ - مەسعوود محەمەد، زاراوەسازیی پێوانە، بەغدا، ١٩٨٦.

٧ - جەلال جەوهەر عەزیز، ٨٠ ساڵ تەعریبکردنی کوردستان.

٨ - د. نەریمان خۆشناو، ڕێنووس و خاڵبەندی، ٢٠١٦.

٩ - ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، کۆمەڵە نووسەر، ٢٠٠٩.
١٠ - قەیس کاکل تۆفیق، ئاسایشی نەتەوەیی پلانی زمان، ٢٠٠٧.
١١ - حەسەن بارام، جیهانگیری لە ڕوانگەی جیاوازەوە، ٢٠١٧.
١٢ - برایان ترەسی، شێوازی گفتوگۆکردن، ٢٠١٩.
١٣ - دارا حەمید محمد، جینۆسایدی زمان (زمانی کوردی بە نموونە)، ٢٠١٧.
١٤ - سالار فائق مەجید، وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان لەزمانی کوردیدا، ٢٠١٩.
١٥ - خوێندن بە زمانی زگماکی مافی ئێمەیە، ڕەحمان نەقشی، ٢٠١٣.
١٦ - نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، زمانەوانی کارەکی، بەرگی دووەم، ٢٠١٦.
١٧ - د. شهاب تەیب قادر، بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، ٢٠١٢.
١٨ - قادر فەتاح ئەحمەد، خوێندن بە زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، ٢٠٠٦.
١٩ - ئەورحمانی حاجی مارف، وشەی زمانی کوردی، ١٩٧٥.
٢٠ - عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، بۆ زمان، ٢٠٠٥.
٢١ - ئاری عوسمان خەیات، لەبارەی زمان و زمانی کوردییەوە، ٢٠١١.
٢٢ - شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، ١٩٧٠.
٢٣ - محەمەد ساڵح پینەدرۆیی، فەرهەنگی کانی، ٢٠١٠.
٢٤ - هەژار موکریانی، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، کوردی بۆ کوردیی ناوەندی و فارسی، ١٩٩٠.

سەرچاوە فارسییەکان:

١ - کمسیون آموزش پرورش کومەلە، رینوس زبان کردی، ١٧/١١/٦٢.
٢ - قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران - فصل دوم : زبان، خط، تاریخ و پرچم رسمی کشور - اصل ١٥... بەستەر.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

١ - دكتور عبد القادر بوشيبة، محاضرات في علم المفردات وصناعة المعاجم، ٢٠١٤.
٢ - تخصص التسويق، مبادئ التسويق، ١٩٩٤.
٣ - رؤوف شبابك، تسويق للجميع، ٢٠٠٩.
٤ - علي سعيد علوان، مبادئ التسويق، ٢٠٢٠.
٥ - مجموعة كتاب، ايران منظور تاريخي للشخصية الايرانية، ١٩٨٨.
٦ - ما هي مهارات التسويق وكيف أطورها؟ تصفح على موقع فرصة، ٢٠١٩، بەستەر.

سەرچاوە ئینگلیزییەکان:

1 - Judy Woon Yee Ho, Code -mixing: Linguistic form and socio -cultural meaning, 2007.
2 - Khalid Sh. Sharhan1, Haidar K. Al -Abedi2, THE NOUN PHRASE: FORMAL AND FUNCTIONAL PERSPECTIVES, 2018.
3 - Lexicology and Lexicography, Wolfgang Klein, 2015.